# ئافرەتان
# چۆن دەتوانن کۆسپەکانی بەردەم ئازادیی خۆیان بشکێنن؟



**ئازادی یەکێک لە بەها گەورەکانی مرۆڤایەتییە و لە هەر شوێنێکدا و لە هەر کەسێک زەوت بکرێت، تاوانە و دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت. ئازادی مافی سرووشتیی هەر مرۆڤێکە بە هەر دوو ڕەگەزەوە، بەڵام لە زۆر وڵاتی دواکەوتوودا ئافرەتی لێ بێبەش دەکرێت، بۆیە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافە ئەرکی قورستریان دەکەوێتە سەرشان و دەبێت بە وزە و ئیرادەی سەرکەوتن بۆئەوەی کۆسپەکانی بەردەم ئازادیی خۆیان بشکێنن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئازادیی ئافرەت چییە و بۆچی ڕێگاکانی گەیشتنیان بە ئازادی دژوار و پڕ ئازار و کێشەیە؟ چون دەتوانین کارێک بکەین کە ئەو ئاستەنگ و ئازارانە لە بری ئەوەی ببنە هۆی لاوازبوون و وازهێنان و پاشەکشە، ببن بە هێز بۆ دەستەبەری ئازادیی ژنان و داهێنان و پێشکەوتنیانی لێ بکەوێتەوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا د. نادیە تەڵعەت مامۆستای زانکۆی سەڵاحەدین کۆلێژی ئاداب، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: کە چەمکی ئازادیی ئافرەت چ پێناسەیەکی هەیە و چۆن دەتوانین بە سەر ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادیی ئافرەتدا زاڵ ببین؟ بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «پرسی ئازادیی ئافرەت بە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی مانای ڕاستەقینەی ئازادییەوە گرێ دەدرێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە تاک خاوەنی ڕۆح و جەستەی خۆی بێت، بەتایبەتی لە بواری هەڵبژاردنی شێوازی ژیانکردن و ڕێزگرتن لە بڕیارەکانی و مافی دەستنیشانکردنی کارەکانی و بەدیهێنانی سەربەستی لە کارەکانی و ڕێگەکانی گەیشتن بە ئازادی وەکو مرۆڤێك و بە بیرێکی ژیرانە و لە چوارچێوەی ڕەوشت و بەهای مرۆڤایەتی و بنەماکانی ئایینی ئیسلام، بۆ دەربڕینی هەستەکانی و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی.» هاوکات دەڵێت: «من وەکو ئافرەتێك هەست بە بوونی جیاوازی بیروڕا دەکەم لە نێو کۆمەڵگەی خۆمان، چ لەسەر ئاستی ژنان بێت، یاخود پیاوان کە دەرئەنجام جیاوازی ڕەنگدانەوەی ژیری و ناژیرییە بۆ ددانپیێدانانی مافی ئازادیی ئافرەت، وەکو ئادەمیزادێك لە پاڵ پیاوان بەدی دەکرێت، خودی بوونی ئەم جیاوازییە لە بیروڕا دەرەنجامی ئەرێنی و نەرێنی لە نێو کۆمەڵگەدا دروست کردووە، بە واتای دیکە تا ئێستاش تێگەیشتنێکی ناتەواو لە پێدانی مافە ڕەواکان و ئازادیی ئافرەت لە کۆمەڵگەکەمان بەدی دەکرێت، بەڵکو هەندێك جار بێبەزەییانە و دوور لە ڕەوشت و بەهای مرۆڤایەتی و ئایینی ئیسلام بە گوللە وەڵامی خواستەکانی ئافرەت دراوەتەوە، دەبێ ئەوە بزانین پەپوولەیەک بە باڵەکانی خۆی ئازادانە دەفڕێت و ئەگەر باڵی نەبێت، خۆیشی و ئازادییەکەشی مانای نامێنێت، بۆیە گوتوویانە بۆ لەناوبردنی پەپوولە پێویست بە کوشتنی ناکات، بەڵکو تەنیا بە لێکردنەوەی باڵەکانی خۆی لە حەسرەتی ئازادی و فڕین، دەمرێت».

چالاکی مەدەنی شێرزاد پیرموسا، سەرەتا بە پێویستی دەزانێت پێناسەی ئازادیی ئافرەت و پێوەری ئەو ئازادییە بخاتەڕوو، بۆیە دەڵێت: «ئازادیی ئافرەت ئەوەیە کە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پڕۆتۆکۆڵە جهانییەکاندا هاتووە، لەوانە سیداو کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئافرەت دەبێت ئازاد بێت لە دەربڕینی هەست و ڕاکانی و لە ماف و ئەرکەکانیش لەگەڵ پیاو یەکسان بێت و کۆمەڵگەش ددانی پێدا بنێت. هەروەها ئافرەت دەبێت پشکدار بێت لە بڕیاردان لەناو ماڵ و شوێنی کار و لەناو کۆمەڵگەدا و لە ئابووری و سیاسەتیشدا پشکدار بکرێت.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «تەحەددییات و ئاستەنگی زۆر هەن لە بەردەم ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و بۆ چارەسەرکردنیشی هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە دەبێت کۆمەڵگەو بەتایبەتی پیاوان ددان بەوەدا بنێنن کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە و یەکسانە لەگەڵ پیاودا، هەروەها دەبێت ئەو دابونەریتانەی دژی ئافرەتانن، پشتگوێ بخرێن و متمانە دروست بکرێت. هەروەها سەربەخۆیی ئابووری و خوێندەواری و پشکداری ئافرەتان لە هەموو دامەزراوەکاندا چ میری و چ نامیری و بەشدارییان لە بڕیاری سیاسی و یاساییدا ئازادیی ئافرەت مسۆگەر دەکات، بەپێچەوانەوە ناوبردنیان بە زەعیفە و بە سووک سەیرکردنیان تەنیا ڕێگا بۆ پێشێلکردنی مافەکانیان خۆش دەکات.» گوتیشی: «ئازادیی ئافرەت لە زاتی خۆیدایە و دەبێت متمانەی بە خۆی و ئیرادەی ئازاد هەبێت و تەسلیمی کۆسپە جیاواز و ناڕەواکانی کۆمەڵگە نەبێت. چونکە هەر ئەوانە گەیشتنی بە ئازادی و مافەکانی زەحمەت و دژوار کردووە. هەروەها لە هەموویان گرنگتر جێبەجێ نەکردنی یاساکان و نەخوێندەواری و نەبوونی هۆشیاری و بەتایبەت نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری، بەربەستی گەورەیان بۆ ئازادیی ئافرەت دروست کردووە».

پەرلەمانتار حەیات مەجید، ڕایوایە: «ئازادبوونی ئافرەت پەیوەستە بە ئازادبوونی هزری خۆیەوە و هاوکات دەڵێت: «هەرکات ئافرەت توانی مەودای بیرکردنەوەی فراوان بکات، ئەوا ئۆپشنەکان بەرامبەر ئەو گرفت و کێشانەی دێتە ڕێی زیاد دەکات، ئەوکات دەتوانێ

**مافی ئافرەت تەنیا بریتی نییە لە درێژەدان بە خوێندن و سەربەخۆیی ئابووری و کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، بەڵکو ئازادیی ڕادەربڕین و ئیرادەی سەربەخۆی لە هەموو پرسێکی تایبەت بە ژیانی لە مافە سەرەتاییەکانیەتی کە دەبێت کۆمەڵگە هەزمی بکات**


**تێگەیشتن لە ئازادی بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوەی زیاتر ڕاکان لە سەری کۆکن، بریتییە لەوەی کە مافی هەر تاکێکە لە ئەنجامدانی هەر کارێک ئازاد بێت کە زیانی بۆ دەوروبەری نەبێت**

**کۆڵدان و پاشەکشە هەرگیز چارەسەر نین، بەڵکو چارەسەر ئەوەیە نەسرەوین، بۆ پێشکەوتنی زیاتر و داهێنان لە بواری کاری خۆماندا هەوڵ و هیممەتمان بخەینە کار، چونکە ئافرەت بەهۆی بڕوا بەخۆبوون دەگاتە تێکڕای ئامانجەکانی و بەسەر کۆسپەکانی بەردەمیشیدا زاڵ دەبێت**

به ئازادی بیربکاتەوه و هەنگاوی دروست بنێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پلانی جۆراوجۆری هەبێت، هەڵبەت گەیشتن بە مەبەست و خەونەکان پێویستی بە نەفەسدرێژی و تەحەمول هەیە، پێویستی بە وره و توانایەکی نەبڕاوه هەیە، زۆرجار ئەو شکستانەی بەسەر مرۆڤدا دێن، بەهێزی دەکەن، ئێمەی ئافرەتیش ئەو شکستانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، دەبێت بیانکەین بە ئەزموون و پەندی لێ وەربگرین، بیکەین بە دەستپێکی سەرکەوتن بەسەر نەهامەتییەکانی ڕۆژگار و پتەوکردنی پلانەکانی داهاتووی ژیانمان، کۆڵدان و پاشەکشە هەرگیز چارەسەر نین، بەڵکو چارەسەر ئەوەیە نەسرەوین، بۆ پێشکەوتنی زیاتر و داهێنان لە بواری کاری خۆماندا هەوڵ و هیممەتمان بخەینە کار، چونکە ئافرەت بەهۆی بڕوا بەخۆبوون دەگاتە تێکڕای ئامانجەکانی و بەسەر کۆسپەکانی بەردەمیشیدا زاڵ دەبێت.

قاسم عەزیز، سەرۆکی (ڕێکخراوی ژیانی تەندروست) سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە «تێگەیشتن لە ئازادی بە پێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوەی زیاتر راکان لە سەری کۆکن، بریتییە لەوەی کە(مافی هەر تاکێکە لە ئەنجامدانی هەر کارێك ئازاد بێت کە زیانی بۆ دەوروبەری نەبێت)، ئافرەتیش وەك پیاو مافی خۆیەتی دادپەروەرانە سەرجەم مافەکانی دەستەبەر بکات. گوتیشی: «ئێمەی کوردیش دەبێت هەموو هەوڵێک بدەین، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان نەچین، چونکە یەکێك لە هێماکانی دواکەوتنیان بریتی بووە لە زوڵم و ستەمکردن لە پێگەی ئافرەت و لێسەندنەوەی سیفەتی مرۆڤایەتییان، بۆ نموونە: لە سەردەمی کۆنەوە تا ئێستاش کڕین و فرۆشتنی ئافرەت و ئەو دیاردە ناشارستانییە بەردەوامە، لەپێش هاتنی ئیسلامیش بوونی کچ بە شوورەیی دادەنرا و کچان زیندەبەچاڵ دەکران. لە مێژووی کۆنی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەمریکا و ئەورووپاش بە هەمان شێوە ستەمی گەورە لە ئافرەت کراوە، بەڵام دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و هۆشیاربوونی تاکەکانیان بە ڕێزگرتن لە بنەما مرۆیی و ڕۆحی و ئایینییەکان و بایەخدانیان بە یەکسانیی ژن و پیاو، پێگەی ئافرەتیش بەرز بووەتەوە و ئازادیی خۆیان بەدەست هێناوە».

سەرۆکی ڕێکخراوی ژیانی تەندروست ڕایوایە: «مافی ئافرەت تەنیا بریتی نییە لە درێژەدان بە خوێندن و سەربەخۆیی ئابووری و کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، بەڵکو ئازادیی ڕادەربڕین و ئیرادەی سەربەخۆی لە هەموو پرسێکی تایبەت بە ژیانی لە مافە سەرەتاییەکانیەتی کە دەبێت کۆمەڵگە هەزمی بکات.» گوتیشی: «یەکێك لە پێوەرەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بریتییە لە شێوە و جۆری ڕوانینیان بۆ ماف و ڕۆڵی ئافرەت، هاوکات بۆ ئەوەی بەربەستەکان بشکێندرێت، پێویستە ئافرەت خۆیشی گرنگی بە تواناکانی بدات و ململانێیەکی زانستی و سەردەمییانە لەگەڵ پیاو بکات، نەك چاو ببرێتە کۆتا و خێری خێرخوازان تا پۆستێك وەربگرێت و تێشیدا شکست بهێنێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی ئافرەتیش دروست بکات. دەبێت ئافرەت لە هونەر و ئەتەکێتی بەرپرسیاریتی شارەزایی تەواوی هەبێت، بەپێی شوێن وکات و پێگەو پۆستەکەی هەڵسوکەوت بکات، نەك وەك ئافرەتێکی سادەی ماڵەوە کە خەمە سەرەکییەکەی ئەوەیە چۆن خۆی و ماڵەکەی بۆ ئافرەتانی دیکەدا نمایش بکات. چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئافرەتێك کرد کە بە ڕواڵەت نوێنەری خەڵکی هەژار و مافخوراوە، کەچی وای نیشاندا کە لەم قەیران و نەبوونییە لە ژیانێکی فوول ئاسایی و لەو پەڕیی هەبوونیدا دەژیت، ئەوەش پێچەوانەی ئەو دروشمانەیە کە لەسەری خەڵکی دەنگیان پێ داوە، لەگەل ئەوەشدا زۆرێك لە ئافرەتانمان توانیویانە زۆر لە پیاوان سەرکەوتووتر بن و باشتر ئەرك و بەرپرسیارێتییەکەیان ڕاپەڕێنن. بە بۆچوونی بەندە دیاریکردنی کورسی بۆ ئافرەت بە ڕێگەی کۆتا کاریگەری نەرێنی لە سەر کارایی ئافرەتان دەبێت، چونکە بێ خۆئامادەکردن و بێ ڕەچاوکردنی شایستەیی بۆ شوێنێك دەچێت کە بە هۆی زەمینەسازنەکردن بۆی، شکستی لە سەرکەوتنی نزیکتر دەبێت.»



**هەرکات ئافرەت توانی مەودای بیرکردنەوەی فراوان بکات، ئەوا ئۆپشنەکان بەرامبەر ئەو گرفت و کێشانەی دێتە ڕێی زیاد دەکات، ئەوکات دەتوانێ بە ئازادی بیربکاتەوە و هەنگاوی دروست بنێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پلانی جۆراوجۆری هەبێت**

**جێبەجێ نەکردنی یاساکان و نەخوێندەواری و نەبوونی هوشیاری و بەتایبەت نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری بەربەستی گەورەیان بۆ ئازادیی ئافرەت دروست کردووە**

**ئازادیی ئافرەت لە زاتی خۆیدایە و دەبێت متمانەی بە خۆی و ئیرادەی ئازاد هەبێت و تەسلیمی کۆسپە جیاواز و ناڕەواکانی کۆمەڵگە نەبێت. چونکە هەر ئەوانە گەیشتنی بە ئازادی و مافەکانی زەحمەت و دژوار کردووە**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# منداڵانی قوربانیی ئەشکەنجەدان لە زیادبووندان

سەرەڕای ئەوەی هەموو جۆرە توندوتیژی و بەتایبەتی جۆرەکانی ئەشکەنجەدان لە وڵاتانی جیهاندا قەدەغە کراوە، هەروەها ڕۆژێکیان وەک ڕۆژی جیهانیی پاڵپشتیکردنی قوربانییانی ئەشکەنجە دەستنیشان کردووە، بەڵام قوربانییانی ئەشکەنجە (بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵان) لە زیادبووندان، بە جۆرێک کە تەنانەت منداڵ لە لایەن دایک و باوکی خۆیەوە بە سەختی ئەشکەنجە دراوە. هەر بۆیە چالاکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان داواکارن کاربەدەستان و ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی بۆ بنیادنانی جیهانێکی دوور لە ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە کاری جددی بکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕاو سەرنجی خۆیان هەیە.



«کوڕێکی مێرمنداڵ لەلایەن باوکیەوە کوژرا. دایکێک منداڵەکەی خۆی بە سەختی ئەشکەنجە دەدات. پۆلیس باوکێکی بە تۆمەتی ئەشکەنجەدانی کچەکەی دەستگیر کرد و.. هتد».

هەواڵی لەو جۆرانە کە لە میدیاکان بڵاو دەبێتەوە، کەم نین، زۆریشن ئەو ئەشکەنجەدان و توندوتیژییانەی کە دوور لە چاوی میدیاکان ئەنجام دەدرێن، یان لە چوارچێوەی ناو خێزاندا بە هۆکاری جیاواز پەردەپۆش دەکرێن، ئەوەش زەنگێکی مەترسیدارە کە زیاتر منداڵان دەکاتە ئامانج و قوربانییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە.

هەر لەو بارەیەوە تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی لە دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «جێی نیگەرانییە کە لەم ماوەیەی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان رێژەی ئەنجامدانی توندوتیژی و بەکارهێنانی شێوازی نەخوازراو بۆ ئەشکەنجەدانی منداڵان لەلایەن باوانیان روو لە هەڵکشانە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی خێزانی کە منداڵان رووبەڕووی جۆرەها ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، لە کاتێکدا بە یاسا ئەم رەفتارانە قەدەغە کراوەو بە تاوان هەژمار کراوەو و سزای بۆ دانراوە.»

ئەوەی بە لای بەڕێوەبەری گشتی لە دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ جێی سەرنجە، ئەوەیە کە «کە لەو تاوانانە، تاوانبار باوان و تاوانلێکراوان منداڵانن، کەواتە لێرە توندوتیژی بە گوێرەی قۆناغبەندییەکان قۆناغی دیکەی وەک (ترساندن و هەڕەشەو بەکارهێنانی وشەی ناشرین و دوورخستنەوەی لە ئەندامانی خێزان و جیاکاری کردنیان لەگەڵ خوشک و براکانی و فەرامۆشکردن و دابین نەکردنی پێداویستییەکان و بێبەشکردنی لە سۆزو خۆشەویستی و بێبەشکردنی لە خوێندن) بڕیوە. ئەمانە هەمووی کاریگەرییەکی خراپی دەروونی لەسەر منداڵ جێ دەهێڵێت و پاشان گەیشتۆتە قۆناغی توندوتیژی جەستەیی کە خۆی لە لێدان و ئەشکەنجە و کوشتن و بازرگانیکردن و چەندین رەفتاری نەشیاوی دیکەی تاوانکردن دەبینێتەوە. لێرەدا ئەم حاڵەتە بە شێوەیەک خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە منداڵان بوونەتە قوربانیی هەڵسوکەوت و رەفتاری باوان، تا ئێستاش هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە نەدراوە کە بریتییە لە بە سرووشتی بینینی ئەنجامدانی توندوتیژی دژی منداڵان کە بەداخەوە زۆرێک لە دایک و باوکان و تەنانەت ئەندامانی دیکەی خێزان وای دەبینن کە لاساری و پەرچەکرداری هەڵسوکەوتی منداڵ دەبێت بە توندوتیژی وەڵام بدرێتەوە.» گوتیشی: «ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە منداڵان دەکرێن، گرفتی سەرەکین و دەبێت کار بۆ گۆڕینی ئەو شێوازەی بیرکرنەوەیە بکەین کە بە سرووشتی بینینی ئەنجامدانی توندوتیژییە دژی منداڵان، ئەمەش لەوانەیە بۆشایی یاسایی چارەسەری نەکات، بەڵکو هەڵمەتێکی گشتگیری هەمەلایەنەی هۆشیاری پێویستە کە دەبێت ئەنجام بدرێت. چونکە تا ئێستاش لەگەڵ بوونی گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رەنگدانەوەی لە ژیانی خەڵک و زۆربوونی کێشە خێزانییەکان منداڵان پشکی شێری قوربانییان بەرکەوتووە. لێرەدا توندوتیژی بە شێوازی دەروونی و جەستەیی بە کۆتا نایەت، بەڵکو دەگاتە قۆناغێکی تری مەترسیدار کە خۆی دەبینێتەوە لە هاوسەرگیری پێشوەخت و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکی منداڵان و بێبەشکردنیان لە سەردانی دایک و باوک، یان یەکێکیان و هەروەها رەتکردنەوەی (نسب) لەلایەن باوکانەوە، کە ئەمانەش لە چوارچێوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و جەستەیی، پێگەی منداڵ لە کۆمەڵگەدا ناجێگیر دەکات».

تاڤگە عومەر بە پێویستی دەزانێت، بۆ چارەسەر و نەهێشتنی ئەو جۆرە تاوانگەلە سەرەتا ئەو بۆشاییە یاساییەی بۆ پاراستنی منداڵ هەیە لە کوردستان پڕبکرێتەوە و توندترین سزا بۆ بکەری ئەو جۆرە تاوانە دابنرێت، هەروەها پێویستە قەبارەی زۆر بوونی تاوانەکان دژی منداڵان و مەترسییان گەورە بکرێت و کاربەدەستان و کەسانی خاوەن پێگەی بڕیاری لێ ئاگادار بکرێتەوە و سیتستمی لە خۆگرتنی منداڵان لەلایەن حکومەتەوە دابنرێت بە لێسەندنەوەی مافی دایک و باوکێتی و هەروەها هەوڵ بدرێت یەکەی پاراستنی منداڵ لە بنکەکانی پۆلیس و هێزی پاراستن بکرێتەوە، تاوەکو بتوانین بە کۆششی هەمەلایەنە زاڵ بین بەسەر ئەم تاوانە گەورانەی دەرهەق بە منداڵان دەکرێن».

مەحموود باجەلان سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ کۆمەڵێک هۆکاری هەیە. لەوانە باری ئابووریی خێزان کە هۆکارێکی بنەڕەتییە کە کاریگەری لەسەر شێوازی رەفتار بەرامبەر بە منداڵ دەبێت. وەک بە زۆر کارپێکردن بە منداڵ و خستنە ژێر کاریگەری زەبری کاری قورس و دابین نەکردنی پێداویستییە ماددییەکانی منداڵ و...هتد».

ئەو سەرپەرشتیاری پەروەردەییە ئاماژە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی وەک: (ناکۆکیی دایک و باوک و جیابوونەوە و لە یەک تێنەگەیشتن و خواستی تۆڵەکردنەوە لە یەکدی ) دەکات کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی قوربانیکردنی منداڵ و هاوکات دەڵێت: «ئاستی رۆشنبیری و ناوەندی تیاژیاوی تاک و نیشتەجێی خێزان و کەلتووری پەروەردە و راگەیاندنیش هۆکارێکن بۆ هەڵکشان و داکشانی رێژەی توندوتیژی ».

میدیا بەکر چالاکی، کۆمەڵەی مەدەنییە لە هەڵەبجە و رایوایە: «توندوتیژی ماڵە باوان بەرامبەر بە منداڵی خۆیان و ئەشکەنجەدانی منداڵان لە لایەن هەرکەسێکەوە کارێکی قیزەون و تاوانی گەورەیە لەنێو کۆمەڵگەداو دەبێت بنبڕ بکرێت.» هاوکات دەڵێت: «گومانی تێدا نییە دوای گەیشتنی دوو هاوسەر بە یەکتری، خوازیاری هاتنی منداڵ دەبن بۆ نێو خێزانەکەیان، چونکە هاتنە دنیای منداڵ هێندە دنیایەکی جوانی هەیە کە مەزندە ناکرێ بە هیچ شتێکی سەر ئەم زەمینە، واتە بوونی منداڵ خەونی هەموو خێزانێکە، بەڵام بەداخەوە هەندێ خێزان دەبینین کە ئاشنا نین، یان پابەند نین بە بەهاکانی پەروەردەی منداڵ، بەتایبەتی دایکان کە

**کوڕ و کچ کە ژیانی هاوسەری دروست دەکەن، زۆربەیان هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو دامەزراوە گرنگە و پەروەردەی منداڵ نییە، بۆیە زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن**

**توندوتیژی دژی منداڵ زیاتر لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا بەربڵاوە کە ئاستی هۆشیارییان نزمە، یان دایک و باوکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان زمانێکی دیکەیان نییە، دەرەنجام پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن**

**هیچ بیانوویەک بۆ توندوتیژی دژی منداڵ بە رەوا نازانرێت، واتە دایک، یان باوک بە هەر بیانوویەک توندوتیژی دژی منداڵەکانیان بکەن، تاوانە و سزای یاسایی هەیە**

چ لە نێو کۆمەڵگە و چ لە قورئانی پیرۆز باس لە پێگە و ئەرکیان بۆ پەروەردەی منداڵ کراوە».

میدیا بەکر وەک هەزاران دایکی دیکە نیگەرانە لە بیستنی ئەشکەنجەدانی منداڵێک لەلایەن دایکی خۆیەوە کە میدیاکانی کوردستان لە چەند رۆژی رابردوو هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دایک سۆز و میهرەبانییەکی لە رادە بەدەری بۆ منداڵی خۆی هەیەو بەرپرسیارە لە جۆری پەروەردەکردنی منداڵەکەی و دەبێت رێگری بکات لە ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەر بە منداڵەکەی لەلایەن هەر کەس و هەر ئەندامێکی خیزانەکەیەوە بێت. هیچ دایکێک ناتوانێ و نایەوێ ئازاری منداڵی خۆی بدات، مەگەر نەخۆشییەکی گەورەی دەروونی هەبێت، دایکی لەو جۆرەش پێویستە لە منداڵەکەی دوور بخرێتەوە. دایکێک ئامادەی هێنانە دنیای منداڵ بێت و هەموو ئازار و ژانێک قبووڵ بکات، چۆن دەتوانێت. رەفتاری درِندانە دژی منداڵی خۆی، یان هەر منداڵێکی دیکە بکات؟ پێویستە بۆ ئەوەی تاوانی ئەشکەنجەدانی منداڵ زیاتر پەرە نەستێنێت لە نێو کومەڵگەی ئێمەدا، سزای زۆر قورس بە سەر تاوانبارانی ئازاردەری منداڵدا بسەپێنن.»

یاساناس لانە ئامانج سەرۆکی رێکخراوی لانەی ژنان سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «منداڵان هەڵوێست و کاردانەوەی جیاوازیان هەیە بەرامبەر ئەو زەبر و دەمەقاڵێیەی لەپێش چاویاندا ئەنجام دەدرێت. زۆربەی منداڵان ئەو هەست و هەڵوێستەی خۆیان لەکاتی شەڕی دایک و باوکیان دەشارنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لەخوار شەش ساڵانە، ئەوەش وەک برینێکی هەمیشەیی لەناو جەستە و رۆحیان دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی شەش ساڵانن، بە شێوەی جیاواز ئەو هەست و نیگەرانییەیان بە وشە، یان کاردانەوە دەردەبڕن. واتە لە زۆربەی کێشە خێزانییەکان منداڵ دەبێتە قوربانیی ململانێی نێوان گەورەکان، بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ ئەو منداڵانە کە بوونەتە قوربانی و گرنگی بە لایەنی پەروەردەیی و دەروونییان بدرێت و کەسایەتی منداڵ وەک تاکێکی خاوە ئەرک و ماف بنیاد بنرێت.» گوتیشی: «توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزان، لە رووی یاساییەوە بەپێی یاسای رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١١ رێکخراوە، بەپێی مادده دووی ئەم یاسایە هەرجۆرە توندوتیژییەکی دەروونی و جەستەیی کە دایک و باوک دژی منداڵەکانیان بیکەن، بە تاوان دادەنرێت، هەروەها ئەنجامدەرانی ئەم توندوتیژییانە بەپێی مادده حەفتی ئەم یاسایە سزا دەدرێن. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە هیچ بیانوویەک بۆ توندوتیژی دژی منداڵ بە رەوا نازانرێت، واتە دایک، یان باوک بە هەر بیانوویەک توندوتیژی دژی منداڵەکانیان بکەن، تاوانە و سزای یاسایی هەیە.

کۆمەڵناس رەحمان عەلی کە قوتابی ماستەرە لە کۆمەڵناسی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەشکەنجەدان و بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن گەورەکان بەرامبەر بە منداڵ لەناو خێزان، یان لە قوتابخانە، یان لە شوێنە گشتییەکان و لە هەر شوێنێکدا حاڵەتێکی مەترسیدارە، بەڵام بە گشتی ئازاردانی منداڵ یەکێکە لە دیاردە باوەکان کە لەناو کۆمەڵگەکان بوونی هەیە، زیاتریش لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا بەربڵاوە کە ئاستی هۆشیارییان نزمە، یان دایك و باوکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان زمانێکی دیکەیان نییە، دەرەنجام پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن. جێگەی داخە لە ماوەی رابردوودا کۆمەڵێ حاڵەتی لەمجۆرە لە کوردستان روویاندا و لە ئێستادا ئازاردانی منداڵ لەلایەن دایك، یان باوکەوە گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار، ئەوەش کاریگەری زۆر خراپ لە ئایندەدا لەسەر باری دەروونی و جەستەیی و تەندروستی منداڵ جێدەهێڵێت.»

ئەو کۆمەڵناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان بە شێوە و ئاستی جیاواز لە کوردستان و کۆمەڵگەکانی دیکەش بوونی هەیە، واتە توندوتیژی دەروونی وەکو جنێودان و توندوتیژیی جەستەیی وەک لێدان و ئەشکەنجەدان و تەنانەت زۆرجار توندوتیژی سێکسیش بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام دراوە و لەلایەن کەسانی گەورەتر لە خۆیان ئیستیغلال کراون.» گوتیشی: «لای خۆمان هۆکارەکان زۆرن بەرجەستەترینیان ئەو قەیرانە ئابووری و سیاسییەی ئەمڕۆیە کە بەهۆی خراپی باری دەروونییان وادەکات پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، ئەوەش گرفتێکی گەورەتر دروست دەکات و زمانی گفتوگۆ لە نێوان خێزان و منداڵ ناهێڵێت و وادەکات منداڵ متمانەی بە خێزانەکەی نەمێنێت و پەنا بۆ دەرەوە ببات، کە کاریگەری خراپ لەسەر دەروون و عەقل و هۆشی منداڵ دروست دەکات و تەنانەت لە خوێندنیش دوادەکەوێت، ئێمەی کورد لە هیچ سەردەمێك بێ توندوتیژی نەبووین، بەڵام لە ئێستادا راگەیاندن لە خستنە رووی رووداوەکان رۆڵی خراپی لە بڵاوکردنەوە و گەورەکردنەوەی بابەتی لەمجۆرە هەیە، لە هەمان کاتدا تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئاستی هۆشیارییان بەرز نییە. کوڕ و کچ کە ژیانی هاوسەری دروست دەکەن، زۆربەیان هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو دامەزراوە گرنگە و پەروەردەی منداڵ نییە، بۆیە زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، تەنانەت ئەو منداڵانەش لە ئایندەدا شەڕانگێز و توندوتیژ دەردەچن و هەمان ئەشکەنجە و توندوتیژی بەرامبەر کەسانی لەخۆیان منداڵتر ئەنجام دەدەن».

**هەندێ خێزان دەبینین کە ئاشنا نین، یان پابەند نین بە بەهاکانی پەروەردەی منداڵ، بەتایبەتی دایکان کە چ لە نێو کۆمەڵگە و چ لە قورعانی پیرۆز باس لە پێگە و ئەرکیان بۆ پەروەردەی منداڵ کراوە**

**توندوتیژی ماڵە باوان بەرامبەر بە منداڵی خۆیان و ئەشکەنجەدانی منداڵان لە لایەن هەرکەسێکەوە کارێکی قێزەون و تاوانی گەورەیە لەنێو کۆمەڵگەداو دەبێت بنبڕ بکرێت**

**ئاستی رۆشنبیری و ناوەندی تیاژیاوی تاک و نیشتەجێی خێزان و کەلتووری پەروەردە و راگەیاندنیش هۆکارێکن بۆ هەڵکشان و داکشانی رێژەی توندوتیژی**

